# کورتەی مێژووی ژیانی

–ساڵی 1936 لە شاری سلێمانی لەدایک بووە.

–خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندیی تێدا تەواو کردووە.

–ساڵی 1965 لە کۆلێجی حقوقی زانکۆی بەغدا دەرچووەو بەکالۆریۆسی لە قانوندا وەرگرتووە. ماوەیەك وەك پارێزەر لە شاری سلێمانی کاری کردووە.

–لەوە بەدوا بۆتە فەرمانبەری حکومەتی‌و زۆربەی ساڵانی فەرمانبەریەکەی، لە بواری ڕۆژنامەگەری و ڕۆشنبیری و ڕاوێژکاری قانونیدا بەسەر بردون.

–لە تەمەنێکی زووەوە تێکەڵاوی چالاکیی سیاسی و حیزبایەتی بووەو لەو پێناوەدا چەندینجار تووشی زیندانیکردن و هەڵاتن و دەربەدەری بووە. سێ جاریش وەك پێشمەرگەی قەڵەم بەدەست چۆتە ڕیزی شۆڕشەوە لە شاخ.

–لە تەمەنێکی زوویشەوە دەستی داوەتە نووسین و یەکەم بەرهەمی لە ساڵی 1954 دا لە ڕۆژنامەی (ژین)ی سلێمانیدا بڵاوبۆتەوە.

–یەکێکە لە دامەزرێنەرانی یەکێتیی نووسەرانی کورد لە ساڵی 1970 دا.

–بەشداریی لە زۆر کۆڕ و سیمینار و میهرەجان و کۆنگرەی کوردی و عێراقی و جیهانیدا کردووە. نوێنەری یەکێتی نووسەرانی کورد بووە لە وەفدی عێراقدا بۆ کۆنگرەی پێنجەمی نووسەرانی ئاسیاو ئەفەریقا لە (ئەلمائەتا)ی پایتەختی کازاخستانی سۆڤێتی جاران لە ساڵی 1973 دا.

–بە سیفەتی نووسەر و وسکرتێری نووسین و جێگری سەرنووسەر و سەرنووسەر لە چەندین بڵاوکراوەو ڕۆژنامەو گۆڤاردا کاری کردوە.

–یەکێك بووە لەو پێنج شاعیر و نووسەرەی کە لە ساڵی 1970 دا بزووتنەوەی ئەدەبیی ڕوانگەیان دامەزراند.

–ساڵی 1989 خۆی لە فەرمانبەری، خانەنشین کردوەو لە شاری سلێمانی دەستی داوەتەوە پارێزەری.

–ساڵی 1992 بۆتە ئەندامی پەرلەمانی کوردستان و هەتا ئێستا بەردەوامە.

–یەکێکە لە دامەزرێنەرانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

–لە ساڵی 1966 ەوە خێزانی پێکەوە ناوەو دوو کوڕ و کچێکی هەیە.